سوره 23: المؤمنون

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

قَدْ أَفْلَحَ الْمُؤْمِنُونَ (1)

بەڕاستی ئیمانداران سەرکەوتوو سەرفەرازن.

الَّذِينَ هُمْ فِي صَلَاتِهِمْ خَاشِعُونَ (2)

ئەوانەی کەلەنوێژەکانیاندا ملکەچ و دڵئارام و دڵدامەزراون و ترسی خوا لەدەروونیاندا هەیە.

وَالَّذِينَ هُمْ عَنِ اللَّغْوِ مُعْرِضُونَ (3)

ئەوانەی کەلەگوفتاری بێ سوودو کرداری نابەجێ و بێهودەخۆیان دوورەپەرێز دەگرن.

وَالَّذِينَ هُمْ لِلزَّكَاةِ فَاعِلُونَ (4)

ئەوانەی کەزەکاتیماڵیان دەردەکەن.

وَالَّذِينَ هُمْ لِفُرُوجِهِمْ حَافِظُونَ (5)

ئەوانەی کەداوێنی خۆیان پاک ڕادەگرن و خۆیان لەشەرواڵ پیسی دەپارێزن و کاری جووت بوون ئەنجام نادەن.

إِلَّا عَلَى أَزْوَاجِهِمْ أَوْ مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُهُمْ فَإِنَّهُمْ غَيْرُ مَلُومِينَ (6)

جگەلەگەڵ هاوسەران و کەنیزەکانیاندا نەبێت، کەئەوەجێگەی لۆمەو سەرزەنشت نیە، (لەبارودۆخی نائاساییدا بەهۆی جەنگەوەئافرەتانی موسوڵمان دەکەونەدەست دوژمنان و دەستدرێژی بێ سنوور دەکرێتەسەریان، دوور نیەئافرەتانی دوژمن نەکەوێتەدەست ئیمانداران،

ئەو کاتەتەنها یەک کەس دەبێتەهاوسەری و، بەڕێزەوەڕەفتاری لەگەڵ دەکات).

فَمَنِ ابْتَغَى وَرَاءَ ذَٰلِكَ فَأُولَٰئِكَ هُمُ الْعَادُونَ (7)

ئەوەی جگەلەو سنووڕەدیاریکراوە، ڕێگەو ڕێبازی تر بگرێتەبەر، ئەو جۆرەکەسانەبەیاخی و لەسنوور دەرچوو دەژمێردرێن.

وَالَّذِينَ هُمْ لِأَمَانَاتِهِمْ وَعَهْدِهِمْ رَاعُونَ (8)

هەروەها ئەوانەی کەچاودێری ئەمانەت و پەیمانەکانیان دەکەن و خیانەت و فێڵ ناکەن.

وَالَّذِينَ هُمْ عَلَىٰ صَلَوَاتِهِمْ يُحَافِظُونَ (9)

وەئەوانەی کەپابەندی نوێژەکانن و لەکاتی خۆیدا بەڕێک و پێکی ئەنجامی دەدەن.

أُولَٰئِكَ هُمُ الْوَارِثُونَ (10)

ئا ئەوانەمیراتگران و خاوەنانی (بەهەشتن).

الَّذِينَ يَرِثُونَ الْفِرْدَوْسَ هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ (11)

ئەوانەدەبنەخاوەنی بەهەشتی  فیردەوس (کەبەرزترین و بەنرخترین بەهەشتە) وەبۆ  هەمیشەژیانی نەبڕاوەی تیادا دەبەنەسەر.

وَلَقَدْ خَلَقْنَا الْإِنسَانَ مِن سُلَالَةٍ مِّن طِينٍ (12)

ئێمەئادەمیزادمان لەئاوێتەیەکی پێکهاتوو لەخاك بەدیهێناوە.

ثُمَّ جَعَلْنَاهُ نُطْفَةً فِي قَرَارٍ مَّكِينٍ (13)

لەوەودوا لەجێگەیەکی پارێزراوو لەباردا (کەمندالانی دایکە) لەشێوەی نوتفەیەکی زۆر بچوکدا دامانمەزراندووە.

ثُمَّ خَلَقْنَا النُّطْفَةَ عَلَقَةً فَخَلَقْنَا الْعَلَقَةَ مُضْغَةً فَخَلَقْنَا الْمُضْغَةَ عِظَامًا فَكَسَوْنَا الْعِظَامَ لَحْمًا ثُمَّ أَنشَأْنَاهُ خَلْقًا آخَرَ فَتَبَارَكَ اللَّهُ أَحْسَنُ الْخَالِقِينَ (14)

لەوەودوا نوتفەکەمان کردووەبەخۆ هەڵواسەرێك (سەرەمێکوتەیەك) پاشان خۆ هەڵواسەرەکەمان کردووەبەگۆشتپارەیەك، ئینجا (شێوازی) گۆشتپارەکەمان بەپەیکەری ئێسک گۆڕیوە، وەبەگۆشت پەیکەری ئێسکەکەمان داپۆشیوە، ئەوسا لەشێوەیەکی تردا دەرمانهێناوە(کەبەشێوەی ئینسانی ڕێکوپێکەدوای ئەوەی کەڕۆحی پێدەبەخشرێ)، بەڕاستی خوای مەزن بەرزو پیرۆزو موبارەکەو چاکترین بەدیهێنەرو چاکترین دروستکارە(کەس هاوتای نیەو کەس وەکو ئەو کاربەجێ نیە).

ثُمَّ إِنَّكُمْ بَعْدَ ذَلِكَ لَمَيِّتُونَ (15)

بێگومان سەرئەنجام ئێوەهەر دەبێ بمرن (وەلەتوێی خاکدا دەبێت ون ببن).

ثُمَّ إِنَّكُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ تُبْعَثُونَ (16)

پاشان دەبێ لەڕۆژی قیامەتدا زیندوبکرێنەوە(بۆ پاداشت و لێپرسینەوە).

وَلَقَدْ خَلَقْنَا فَوْقَكُمْ سَبْعَ طَرَائِقَ وَمَا كُنَّا عَنِ الْخَلْقِ غَافِلِينَ (17)

بەڕاستی ئێمەلەڕاسەرتانەوەحەوت چین ئاسمانمان دروستکردووە، وەئێمەهەرگیز ەدروستکراوان غافڵ و بێ ئاگا نین (هیچ شتێکمان لێ ون نابێت).

وَأَنزَلْنَا مِنَ السَّمَاءِ مَاءً بِقَدَرٍ فَأَسْكَنَّاهُ فِي الْأَرْضِ وَإِنَّا عَلَى ذَهَابٍ بِهِ لَقَادِرُونَ (18)

هەر ئێمەلەئاسمانەوەبارانمان باراندووەو دوایی لەناو زەویدا جێگیرمان کردووە، وەئێمەبەجۆرەها شێوەدەتوانین ئەو ئاوەلەناوبەرین و ئەو سەرچاوانەوشك بکەین.

فَأَنشَأْنَا لَكُم بِهِ جَنَّاتٍ مِّن نَّخِيلٍ وَأَعْنَابٍ لَّكُمْ فِيهَا فَوَاكِهُ كَثِيرَةٌ وَمِنْهَا تَأْكُلُونَ (19)

ئێمەبەهۆی ئەو ئاوەوەباخ و باخاتی خورما و ڕەز بەدی دێنین بۆتان، (لەو باخ و باخچانەدا) میوەهاتی جۆراوجۆری زۆرو زەبەندمان بۆ بەدیهێناون، کەبۆ خواردن بەکاری دەهێنین.

وَشَجَرَةً تَخْرُجُ مِن طُورِ سَيْنَاء تَنبُتُ بِالدُّهْنِ وَصِبْغٍ لِّلْآكِلِينَ (20)

درەختێکیش هەیەکەلەکێوی طور لەبیابانی سینا دەڕوێ کەڕۆن و چەوی لێدەردەهێنرێ و بۆ بخۆران ئامادەکراوە(مەبەست دروختی زەیتونەکەهەمیشەسەوزەو تەمەن درێژەو بێ ئەرکە، وەکالیسیۆم و ئاسن و فۆسفۆرو ڤیتامینی جۆراوجۆرو پرۆتینی تیایە، گەلێ داوودەرمانیشی لێدەردەهێنرێت).

وَإِنَّ لَكُمْ فِي الْأَنْعَامِ لَعِبْرَةً نُّسقِيكُم مِّمَّا فِي بُطُونِهَا وَلَكُمْ فِيهَا مَنَافِعُ كَثِيرَةٌ وَمِنْهَا تَأْكُلُونَ (21)

بەڕاستی لەبەدیهاتنی ماڵاتیشدا جێگەی سەرنج و پەندەبۆتان (کەوردببنەوەو بەدیهێنەری جوانکار بناسن) جا لەوەی کەلەسکیاندا بەدی دێت (مەبەست شیرە) پێمان بەخشیون تا بیخۆنەوە، وەکەڵکی تری زۆریان لی وەردەگرن (لەپێستیان، لەخوری و موویان..هتد) لێشیان دەخۆن و (گۆشت و جگەرو سەروپێیان..بەجۆرەها شێوەئامادەی دەکەن و خواردنی خۆشمەزەیان لێ دروست دەکەن).

وَعَلَيْهَا وَعَلَى الْفُلْكِ تُحْمَلُونَ (22)

وەلەسەر پشتی (هەندێک) لەو گیاندارانەو لەسەر کەشتیەکانیش هەڵدەگرین و (خۆتان دەگوێزرێنەوەلەشوێنێکەوەبۆ شوێنێکی تر لەگەڵ کەلوپەل و پێداویستیەکانتاندا).

وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا نُوحًا إِلَى قَوْمِهِ فَقَالَ يَا قَوْمِ اعْبُدُوا اللَّهَ مَا لَكُم مِّنْ إِلَهٍ غَيْرُهُ أَفَلَا تَتَّقُونَ (23)

بێگومان ئێمەنوح پێغەمبەرمان ڕەوانەکرد بۆ سەر قەومەکەی، پێی وتن: ئەی قەوم و گەلم هەر خوا بپەرستن، چونکەهیچ خوایەکی ترتان نیەجگەلەو، مەگەر خۆتان لەخەشم و قینی ناپارێزن؟!

فَقَالَ الْمَلَأُ الَّذِينَ كَفَرُوا مِن قَوْمِهِ مَا هَذَا إِلَّا بَشَرٌ مِّثْلُكُمْ يُرِيدُ أَن يَتَفَضَّلَ عَلَيْكُمْ وَلَوْ شَاءَ اللَّهُ لَأَنزَلَ مَلَائِكَةً مَّا سَمِعْنَا بِهَذَا فِي آبَائِنَا الْأَوَّلِينَ (24)

ئەو کەسایەتیانەی کەکافرو بێ باوەڕبوون لەقەومەکەی وتیان: (گوێی بۆ مەگرن) ئەم (پیاوە) جگەلەکەسێکی وەك ئێوە(زیاتر نیە)، دەیەوێت خۆی بکاتەگەورەتان!! ئەگەر خوا بیویستایە(پێغەمبەرێك بنێرێت) فریشتەی دادەبەزاند ئێمەئەم (هەواڵەمان) لەباوباپیرانی پێشوەوەپێ ڕاگەیەنراوە.

إِنْ هُوَ إِلَّا رَجُلٌ بِهِ جِنَّةٌ فَتَرَبَّصُوا بِهِ حَتَّى حِينٍ (25)

ئەو جگەلەوەی کەپیاوێکەو شێتی سەری لێداوە(زیاتر نیە)، تا ماوەیەك خۆتان بگرن (یا کوڵ دەدات، یا دەمرێت!!).

قَالَ رَبِّ انصُرْنِي بِمَا كَذَّبُونِ (26)

ئەوسا (نوح) وتی: پەروەردگارا سەرکەوتنم پێ ببەخشەچونکەئەوان منیان بەدرۆخستەوەو بڕوایان پێ نەکردم.

فَأَوْحَيْنَا إِلَيْهِ أَنِ اصْنَعِ الْفُلْكَ بِأَعْيُنِنَا وَوَحْيِنَا فَإِذَا جَاءَ أَمْرُنَا وَفَارَ التَّنُّورُ فَاسْلُكْ فِيهَا مِن كُلٍّ زَوْجَيْنِ اثْنَيْنِ وَأَهْلَكَ إِلَّا مَن سَبَقَ عَلَيْهِ الْقَوْلُ مِنْهُمْ وَلَا تُخَاطِبْنِي فِي الَّذِينَ ظَلَمُوا إِنَّهُم مُّغْرَقُونَ (27)

ئێمەئیتر وەحیمان نارد کەکەشتیەک دروست بکات لەژێر چاودێری و نیگای ئێمەدا، جا هەر کاتێك فەرمانی ئێمەدەرچوو، تەنوورەکەفوارەی کردو ئاوی لێدەرهات، لەهەر جۆرێك (ماڵات و گیانلەبەرانی ماڵیی) جوتێك سوار بکەهەروەها خاوخێزانت جگەلەوانەی کەبڕیاری غەرق بوونیان لەسەردراوە(وەك هاوسەرو کوڕەکەت) وەدەربارەی ئەوانەی

کەستەمیانکردو (باوەڕیان نەهێنا) لێم مەپاڕێرەوەچونکەئەوانەهەموو نوقم کراون (لەزریانەکەدا).

فَإِذَا اسْتَوَيْتَ أَنتَ وَمَن مَّعَكَ عَلَى الْفُلْكِ فَقُلِ الْحَمْدُ لِلَّهِ الَّذِي نَجَّانَا مِنَ الْقَوْمِ الظَّالِمِينَ (28)

کاتێک کەخۆت و ئەوانەی کەهاوڕێ و باوەڕتن لەسەر کەشتیەکەسواربوون (ئەی نوح تۆ) بڵێ: سوپاس و ستایش بۆ ئەو خوایەی کەڕزگاری کردین لەدەست قەومی ستەمکار.

وَقُل رَّبِّ أَنزِلْنِي مُنزَلًا مُّبَارَكًا وَأَنتَ خَيْرُ الْمُنزِلِينَ (29)

(هەروەها) بڵێ: پەروەردگارا لەشوێنێکی موبارەك و پیرۆز دامبەزێنە، چونکەتۆ چاکترین زاتێکی بۆ ئەوەی لەشوێنی موبارەك و پیرۆزدا دامانبەزێنی (ئیتر کەشتیەکەلەنگەری گرت لەسەر کێوی جودی لەکوردستان).

إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَاتٍ وَإِن كُنَّا لَمُبْتَلِينَ (30)

بەڕاستی ئالەو بەسەرهاتەدا نیشانەو بەڵگەی ئاشکرا هەیە، بێگومان ئێمە(بەجۆرەها شێوەو لەهەموو سەردەمێکدا خەڵکی) تاقیدەکەینەوە.

ثُمَّ أَنشَأْنَا مِن بَعْدِهِمْ قَرْنًا آخَرِينَ (31)

لەوەودوا لەدوای ئەوانەقەوم و نەوەیەکی ترمان بەدی هێنا.

فَأَرْسَلْنَا فِيهِمْ رَسُولًا مِنْهُمْ أَنِ اعْبُدُوا اللَّهَ مَا لَكُم مِّنْ إِلَهٍ غَيْرُهُ أَفَلَا تَتَّقُونَ (32)

ئینجا پێغەمبەرێکمان هەر لەخۆیان بۆ ڕەوانەکردن (پێی وتن): تەنها خوا بپەرستن، جگەلەو زاتەخوایەکی ترتان نیە، ئەوەلێی ناترسن؟ ئەوەخۆتان لەخەشم و قینی ناپارێزن؟!

وَقَالَ الْمَلَأُ مِن قَوْمِهِ الَّذِينَ كَفَرُوا وَكَذَّبُوا بِلِقَاءِ الْآخِرَةِ وَأَتْرَفْنَاهُمْ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا مَا هَذَا إِلَّا بَشَرٌ مِّثْلُكُمْ يَأْكُلُ مِمَّا تَأْكُلُونَ مِنْهُ وَيَشْرَبُ مِمَّا تَشْرَبُونَ (33)

ئەو کەسایەتیانەی کەبێ باوەڕ بوون لەقەومەکەی، وەبڕوایان بەپێشهاتی قیامەت و زیندوو بوونەوەو لێپرسینەوەنەبوو، وەلەژیانی دنیادا لەنازو نیعمەتی زۆر بەهرەوەرمان کردبوون وتیان: ئەم (پێغەمبەرە) هەر بەشەرێکەوەك ئێوە، لەو شتانەدەخوا کەئێوەلێی دەخۆن، وەلەو شتانەدەخواتەوەکەئێوەلێی دەخۆنەوە.

وَلَئِنْ أَطَعْتُم بَشَرًا مِثْلَكُمْ إِنَّكُمْ إِذًا لَّخَاسِرُونَ (34)

جا ئەگەر ملکەچ و فەرمانبەرداری بەشەرێکی وەکو خۆتان ببن ئەوەخەسارەتمەندو زەرەرمەندن!!

أَيَعِدُكُمْ أَنَّكُمْ إِذَا مِتُّمْ وَكُنتُمْ تُرَابًا وَعِظَامًا أَنَّكُم مُّخْرَجُونَ (35)

ئایا بڕوا دەکەن کەئەگەر ئێوەمردن و بوونەخاک و ئێسک، ئێوەزیندووبکرێنەوەو لەخاك دەرنهێنرێنەوە؟!.

هَيْهَاتَ هَيْهَاتَ لِمَا تُوعَدُونَ (36)

ئەستەمەو زۆر ئەستەمەئەو بەڵێنەی کەپێتان دەدرێ بێتەدی و (زیندوونکرێنەوە)!!

إِنْ هِيَ إِلَّا حَيَاتُنَا الدُّنْيَا نَمُوتُ وَنَحْيَا وَمَا نَحْنُ بِمَبْعُوثِينَ (37)

ژیان تەنها ژیانی ئەم دنیایەمانەو دەمرین و دەژین (بەشوێن یەکدا)!!

إِنْ هُوَ إِلَّا رَجُلٌ افْتَرَى عَلَى اللَّهِ كَذِبًا وَمَا نَحْنُ لَهُ بِمُؤْمِنِينَ (38)

ئەم پیاوە(مەبەست پێغەمبەرەکەیانە) درۆ بۆ خوا هەڵدەبەستێ وەئێمەبڕوای پێ ناکەین!!

قَالَ رَبِّ انصُرْنِي بِمَا كَذَّبُونِ (39)

(ئەمیش وەکو نوح) وتی: پەروەردگارا، سەرکەوتنم پێ ببەخشەچونکەئەوانەمنیان بەدرۆخستۆتەوەو بڕوایان پێ نەکردم...

قَالَ عَمَّا قَلِيلٍ لَّيُصْبِحُنَّ نَادِمِينَ (40)

خوا فەرمووی: بەم زوانەپەشیمان دەبنەوە(کاتێ کەسزا یەخەیان پێ دەگرێ).

فَأَخَذَتْهُمُ الصَّيْحَةُ بِالْحَقِّ فَجَعَلْنَاهُمْ غُثَاء فَبُعْدًا لِّلْقَوْمِ الظَّالِمِينَ (41)

ئەوسا دەنگێکی بەهێز (دڵی پچڕاندن و مێشکی تەقاندن) وەکردمانن بەکەف و کوڵ و چیلکەو چەوێڵی سەرئاو، دەبا لەوەولاترچن قەومی ستەمکار.

ثُمَّ أَنشَأْنَا مِن بَعْدِهِمْ قُرُونًا آخَرِينَ (42)

پاشان لەدوای ئەوان چەند قەومێکی ترمان هێنایەکایەوە(ساڵەها ژیان و لەنازو نیعمەت بەهرەوەربوون).

مَا تَسْبِقُ مِنْ أُمَّةٍ أَجَلَهَا وَمَا يَسْتَأْخِرُونَ (43)

هەر میللەتێك (کاتێ بڕیاری لەناوبردنی دەدرێت، ئەو بڕیارە) نەپێش دەکەوێت و نەدوا دەخرێت (بەڵکو لەکات و ساتی خۆیدا) ڕوودەدات.

ثُمَّ أَرْسَلْنَا رُسُلَنَا تَتْرَا كُلَّ مَا جَاء أُمَّةً رَّسُولُهَا كَذَّبُوهُ فَأَتْبَعْنَا بَعْضَهُم بَعْضًا وَجَعَلْنَاهُمْ أَحَادِيثَ فَبُعْدًا لِّقَوْمٍ لَّا يُؤْمِنُونَ (44)

ئینجا پێغەمبەرانی خۆمانمان یەك بەدوای یەکدا ڕەوانەکرد، هەر ئوممەتێك کاتێ کەپێغەمبەری لەخۆی بۆ ڕەوانەدەکرا (زۆربەیان) بەدرۆیان دەخستنەوە، ئێمەش ئەو میللەتانەمان بەشوێن یەکدا (لەناوبرد)و کردمانن بەباس و خواسی ناو خەڵکی و (پەند و عیبرەت)، دەبا ئەو کەسانەی باوەڕناهێنن لەوەولاترچن.

ثُمَّ أَرْسَلْنَا مُوسَى وَأَخَاهُ هَارُونَ بِآيَاتِنَا وَسُلْطَانٍ مُّبِينٍ (45)

پاشان موساو هاروونی برایمان ڕەوانەکرد هاوڕێ لەگەڵ نیشانەو بەڵگەو (معجزة)کانماندا، وەبەڵگەی بەهێزمان پێبەخشین (لەسەر ڕاستی پەیامەکەیان).

إِلَى فِرْعَوْنَ وَمَلَئِهِ فَاسْتَكْبَرُوا وَكَانُوا قَوْمًا عَالِينَ (46)

بۆ سەر فیرعەون و پیاوانی، کەچی خۆیان بەگەورەزانی و قەومێکی لووتبەرزو (نارەسەن) بوون..

فَقَالُوا أَنُؤْمِنُ لِبَشَرَيْنِ مِثْلِنَا وَقَوْمُهُمَا لَنَا عَابِدُونَ (47)

(فیرعەون و دارودەستەکەی) وتیان: ئایا ڕەوایەئێمەباوەڕ بەدوو بەشەری وەك خۆمان بکەین، لەکاتێکدا کەقەومەکەیان ئێمەدەپەرستن و (خزمەتکاری ئێمەدەکەن).

فَكَذَّبُوهُمَا فَكَانُوا مِنَ الْمُهْلَكِينَ (48)

(دوای چەندەها ساڵ لەهەوڵ و کۆششی ئەو دوو پێغەمبەرە) هەر باوەڕیان پێ نەکردن و بەدرۆیان خستنەوە، (خوای گەورەخستنیە ڕیزی تیاچووەکانەوە.

وَلَقَدْ آتَيْنَا مُوسَى الْكِتَابَ لَعَلَّهُمْ يَهْتَدُونَ (49)

بێگومان ئێمەکتێبی تەوراتمان بەخشی بەموسا بەڵکو قەومەکەی ڕێبازی هیدایەت بگرنەبەر.

وَجَعَلْنَا ابْنَ مَرْيَمَ وَأُمَّهُ آيَةً وَآوَيْنَاهُمَا إِلَى رَبْوَةٍ ذَاتِ قَرَارٍ وَمَعِينٍ (50)

هەروەها کوڕەکەی مەریەم و دایکیشیمان کردەبەڵگەو نیشانە(لەسەر دەسەڵات و توانایی خۆمان)، وەئێمەهەردوکیانمان حەوانەوەلەشوێنێکی بڵندو خۆش و سازگارو ئاودارادا.

يَا أَيُّهَا الرُّسُلُ كُلُوا مِنَ الطَّيِّبَاتِ وَاعْمَلُوا صَالِحًا إِنِّي بِمَا تَعْمَلُونَ عَلِيمٌ (51)

ئینجا وتمان: ئەی گرۆی پێغەمبەران، بخۆن لەڕزق و ڕۆزی چاك و پاك، کارو کردەوەی چاکیش ئەنجام بدەن، بەڕاستی من زانام بەهەموو ئەو کارو کردەوانەی کەدەیکەن.

وَإِنَّ هَذِهِ أُمَّتُكُمْ أُمَّةً وَاحِدَةً وَأَنَا رَبُّكُمْ فَاتَّقُونِ (52)

هەر ئەمەشەدین و ئاین و بەرنامەی تاك و تەنهای ئێوە، (بەرنامەی یەكتاناسی) وەمن پەروەردگارتانم، پارێزكاربن و خۆتان لەنافەرمانیی من بپارێزن.

فَتَقَطَّعُوا أَمْرَهُم بَيْنَهُمْ زُبُرًا كُلُّ حِزْبٍ بِمَا لَدَيْهِمْ فَرِحُونَ (53)

(بەڵام خەڵكی) كاروباری ئایینی خۆیان بەشبەش و پارچەپارچەكرد، هەموو دەستەو تاقمێك بەو (بەرنامەو نەخشەیەی) كەهەیانەدڵخۆشن.

فَذَرْهُمْ فِي غَمْرَتِهِمْ حَتَّى حِينٍ (54)

وازیان لێ بێنەبا تا ماوەیەك لەگومڕایی و سەرلێشێواویی و سەرگەردانیی خۆیاندا گیربخۆن.

أَيَحْسَبُونَ أَنَّمَا نُمِدُّهُم بِهِ مِن مَّالٍ وَبَنِينَ (55)

یا ئەوانەوا دەزانن كەئەو ماڵ و سامان و نەوەیەی پێیان دەبەخشین؟! (بەهۆی ئەوەیەخۆشمان دەوێن)!!

نُسَارِعُ لَهُمْ فِي الْخَيْرَاتِ بَل لَّا يَشْعُرُونَ (56)

(نەخێر، بەڵكو) مەبەستمانەبەپەلەلەنازونیعمەت بەهرەوەریان بكەین؟ بەڵكو ئەوانەهەستیان نیەو نازانن (كەئەوەبۆ تاقیكردنەوەیەو سبەی خوا لێیان دەپرسێتەوە).

إِنَّ الَّذِينَ هُم مِّنْ خَشْيَةِ رَبِّهِم مُّشْفِقُونَ (57)

بەڕاستی ئەوانەی كەترسی پەروەردگاریان لەدڵدایەو دەترسن لێیان بڕەنجێت (نافەرمانی ناكەن).

وَالَّذِينَ هُم بِآيَاتِ رَبِّهِمْ يُؤْمِنُونَ (58)

ئەوانەی بڕوایان بەئایەت و نیشانەکانی پەروەردگاریان هەیە(سەرپێچی ناکەن).

وَالَّذِينَ هُم بِرَبِّهِمْ لَا يُشْرِكُونَ (59)

ئەوانەی کەهاوەڵ و هاوبەش و شەریک بۆ پەروەردگاریان بڕیار نادەن (هەر ئەو دەپەرستن و لەسنووری لانادەن).

وَالَّذِينَ يُؤْتُونَ مَا آتَوا وَّقُلُوبُهُمْ وَجِلَةٌ أَنَّهُمْ إِلَى رَبِّهِمْ رَاجِعُونَ (60)

وەئەوانەی کەلەو شتانەدەبەخشن کەپێمان بەخشیون وەدڵیان دەترسێ لەگەڕانەوەیان بۆ لای پەروەردگاریان (نەوەکو چاکەکانیانی لا پەسەند نەبێت).

أُوْلَئِكَ يُسَارِعُونَ فِي الْخَيْرَاتِ وَهُمْ لَهَا سَابِقُونَ (61)

ئا ئەوانەبەپەلەن بۆ ئەنجامدانی هەموو چاکەیەك، وەپێشبڕکێ دەکەن لەودا.

وَلَا نُكَلِّفُ نَفْسًا إِلَّا وُسْعَهَا وَلَدَيْنَا كِتَابٌ يَنطِقُ بِالْحَقِّ وَهُمْ لَا يُظْلَمُونَ (62)

ئێمەهیچ ئەرکێك نادەین بەسەر هیچ کەسێکدا مەگەر لەچوارچێوەی تواناییەکیدا بێت، وەئێمەدۆسیەی تایبەتی (هەموو کەسێکمان لایە) کەحەقگۆیەو (گوفتارو کردارەکانی تیا تۆمار کراوە، لەبەرئەوە) ئەوانەهیچ جۆرەستەمێکیان لێناکرێت.

بَلْ قُلُوبُهُمْ فِي غَمْرَةٍ مِّنْ هَذَا وَلَهُمْ أَعْمَالٌ مِن دُونِ ذَلِكَ هُمْ لَهَا عَامِلُونَ (63)

بەڵام (خوانەناسان) لەم (نەخشەو بەرنامەو چاکەخوازییانە) سەریان دەرناچێ و تێی ناگەن، کاروکردەوەی تریشیان هەیە( کەجیایەلەکارو کردەوەی ئیمانداران) کەبەردەوام ئەنجامی دەدەن.

حَتَّى إِذَا أَخَذْنَا مُتْرَفِيهِم بِالْعَذَابِ إِذَا هُمْ يَجْأَرُونَ (64)

هەتا ئەو کاتەی کەبەڵا بەسەر خۆشگوزەران و دەوڵەمەندەکانیاندا دەهێنین، ئەو کاتەئیتر ئاهو ناڵەو گریەو زارییان لێ بەرزدەبێتەوە.

لَا تَجْأَرُوا الْيَوْمَ إِنَّكُم مِّنَّا لَا تُنصَرُونَ (65)

(لەقیامەتیشدا پێیان دەوترێت) ئەمڕۆ ئیتر ئێوەچرکەتان لێوەنەیەت و هاوار نەکەن، چونکەئێوەلەلایەن ئێمەوەهێچ جۆرەپشتگیرییەکتان لێناکرێت.

قَدْ كَانَتْ آيَاتِي تُتْلَى عَلَيْكُمْ فَكُنتُمْ عَلَى أَعْقَابِكُمْ تَنكِصُونَ (66)

(ئێوەکاتی خۆی) ئایەتەکانی ئێمەتان بەسەردا دەخوێنرایەوەکەچی پشتتان تێدەکرد و بەرەودوا دەگەڕانەوەدواوەو (خۆتان لێ دەشاردەوەو دژایەتییتان دەکرد).

مُسْتَكْبِرِينَ بِهِ سَامِرًا تَهْجُرُونَ (67)

خۆتان بەگەورەدەزانی لەئاستیدا، شەوگاریشتان بەباس و خواس و گاڵتەپێکردن بەئایەتەکانی ئێمەدەبردەسەر.

أَفَلَمْ يَدَّبَّرُوا الْقَوْلَ أَمْ جَاءهُم مَّا لَمْ يَأْتِ آبَاءهُمُ الْأَوَّلِينَ (68)

ئایا (سەرانی قورەیش) ئەم گوفتارەلێك نادەنەوە، بۆچی وا دەزانن ئەم بەرنامەیەی کەبۆ ئەوان ڕەوانەکراوەبۆ باوو باپیرانی دێرینیان ڕەوانەنەکراوە؟!

أَمْ لَمْ يَعْرِفُوا رَسُولَهُمْ فَهُمْ لَهُ مُنكِرُونَ (69)

یاخود ئەوەیەکەپێغەمبەرەکەیان ناناسن، وەئەوەبۆتەهۆی ئەوەی کەبڕوا بەپەیامەکەی نەکەن و دژی بوەستن!!

أَمْ يَقُولُونَ بِهِ جِنَّةٌ بَلْ جَاءهُم بِالْحَقِّ وَأَكْثَرُهُمْ لِلْحَقِّ كَارِهُونَ (70)

یاخود (بێ شەرمانە) دەڵێن شێتی سەری لێداوە، (هەرگیز وا نیە) بەڵکو ڕاستی و حەقی بۆ هێناون، بەڵام زۆربەیان ڕقیان لەڕاستیەو حەز لەحەق ناکەن و پێی سەغڵەتن.

وَلَوِ اتَّبَعَ الْحَقُّ أَهْوَاءهُمْ لَفَسَدَتِ السَّمَاوَاتُ وَالْأَرْضُ وَمَن فِيهِنَّ بَلْ أَتَيْنَاهُم بِذِكْرِهِمْ فَهُمْ عَن ذِكْرِهِم مُّعْرِضُونَ (71)

ئەگەر حەق و حەقیقەت شوێنی ئارەزووی ئەوانەبکەوتایەئاسمانەکان و زەوی و هەموو ئەوانەی تیایاندایەدەشێواو تیادەچوو سەرگەردان دەبوو، لەحاڵێکدا ئێمەقورئانێکمان بۆ ڕەوانەکردوون (کەیادخەرەوەی هەموو چاکەیەکە) کەچی ئەوانەلەبەرانبەر ئەو یادخەرەوانەدا سەرکەش و یاخین و پشتی تێدەکەن.

أَمْ تَسْأَلُهُمْ خَرْجًا فَخَرَاجُ رَبِّكَ خَيْرٌ وَهُوَ خَيْرُ الرَّازِقِينَ (72)

ئاخۆ داوای خەرجی و پارەلەوانەدەکەیت (لەبەرانبەر هیدایەتیانەوەتا لایان سەنگین بێت؟ بۆیەباوەڕ ناهێنن؟) خۆ بەخششی پەروەردگارت بەسوودترو چاکترە، ئەو زاتەچاکترین زاتێکەبۆ بەخشینی ڕزق و ڕۆزیی.

وَإِنَّكَ لَتَدْعُوهُمْ إِلَى صِرَاطٍ مُّسْتَقِيمٍ (73)

بێگومان تۆ بانگیان دەکەیت بۆ ڕێگەو ڕێبازی ڕاست و دروست.

وَإِنَّ الَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ بِالْآخِرَةِ عَنِ الصِّرَاطِ لَنَاكِبُونَ (74)

(بەڵام) ئەوانەی بڕوایان بەقیامەت نیەلەڕێگەو ڕێبازی ڕاست وێڵن و لایان داوە.

وَلَوْ رَحِمْنَاهُمْ وَكَشَفْنَا مَا بِهِم مِّن ضُرٍّ لَّلَجُّوا فِي طُغْيَانِهِمْ يَعْمَهُونَ (75)

خۆ ئەگەر بەزەییمان پیایاندا بێتەوەو ڕەحمیان پێ بکەین و ناخۆشی و سەغڵەتیان لەسەر لانەرین (دووبارە) لەستەم و سەرکەشییاندا ڕۆدەچن.

وَلَقَدْ أَخَذْنَاهُم بِالْعَذَابِ فَمَا اسْتَكَانُوا لِرَبِّهِمْ وَمَا يَتَضَرَّعُونَ (76)

بەڕاستی ئێمەتووشی سزاو ئازاری (جۆراوجۆرمان) کردوون، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا نەپاڵیان داوەبە(بەرنامەی) پەروەردگاریانەوەو نەپشتیان پێ بەستووە، نەنزاشیان کردووە.

حَتَّى إِذَا فَتَحْنَا عَلَيْهِم بَابًا ذَا عَذَابٍ شَدِيدٍ إِذَا هُمْ فِيهِ مُبْلِسُونَ (77)

هەتا ئەو کاتەی کەدەروازەی سزایەکی زۆر بەئێشمان لێکردنەوەئیتر لەناویدا سەرگەردان و سەرلێشێواوو شێت بوون.

وَهُوَ الَّذِي أَنشَأَ لَكُمُ السَّمْعَ وَالْأَبْصَارَ وَالْأَفْئِدَةَ قَلِيلًا مَّا تَشْكُرُونَ (78)

هەر ئەو زاتەیەکە(دەزگای) بیستن و بینین و لێکدانەوەی پێبەخشیون، کەچی زۆر کەمتان سوپاسگوزارن.

وَهُوَ الَّذِي ذَرَأَكُمْ فِي الْأَرْضِ وَإِلَيْهِ تُحْشَرُونَ (79)

هەر ئەو زاتەیەکەبەرپای کردوون لەزەویداو بڵاوی کردوونەتەوە، سەرئەنجام (لەڕۆژی قیامەتدا) لەبەردەم ئەو زاتەدا کدەکرێنەوە.

وَهُوَ الَّذِي يُحْيِي وَيُمِيتُ وَلَهُ اخْتِلَافُ اللَّيْلِ وَالنَّهَارِ أَفَلَا تَعْقِلُونَ (80)

هەر ئەو زاتەیەکەژیان دەبەخشێ و مردن پێش دەهێنێ، جیاوازی شەوو ڕۆژیش هەر بەدەست ئەوە(لەڕووی تاریکیی و ڕووناکیی، کورتیی و درێژیی، فێنکیی و گەرمیی و...هتد)، ئایا ئێوەعەقڵ بەکارناهێنن؟ ژیریتان ناخەنەکار؟

بَلْ قَالُوا مِثْلَ مَا قَالَ الْأَوَّلُونَ (81)

لەگەڵ ئەو هەموو بەڵگانەدا ئەوانەهەروەکو خەڵکی پێشین (قسەکۆنەکان) دەڵێنەوە..

قَالُوا أَئِذَا مِتْنَا وَكُنَّا تُرَابًا وَعِظَامًا أَئِنَّا لَمَبْعُوثُونَ (82)

دەڵێن: باشەئەگەر مردین و بووینەخاك و خۆڵ و ئێسک و پێشەئایا ئێمەدووبارەزیندوو دەکرێینەوە؟!

لَقَدْ وُعِدْنَا نَحْنُ وَآبَاؤُنَا هَذَا مِن قَبْلُ إِنْ هَذَا إِلَّا أَسَاطِيرُ الْأَوَّلِينَ (83)

بەراستی ئێمەو باوانمان لەم جۆرەبەڵێنانەمان پێشتر پێدراوە، ئەم قسەو بەڵێنانەداستانی پێشینەکانە!!

قُل لِّمَنِ الْأَرْضُ وَمَن فِيهَا إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ (84)

تۆش پێیان بڵێ: باشەزەوی و ئەو کەسانەی کەلەسەری دەژین کێ خاوەنیانە، ئەگەر زیرەك و هۆشیارن؟ ئەگەر شت دەزانن؟!

سَيَقُولُونَ لِلَّهِ قُلْ أَفَلَا تَذَكَّرُونَ (85)

(سەرئەنجام هەر دان بەڕاستیدا دەنێن و دەڵێن: هەر خوا، خاوەنیانەهەر پەروەردگار بەدیهێنەریانە، ئەوسا پێیان بڵێ: ئەوەبۆچی زوو بیرناکەنەوەو یاداوەری وەرناگرن.

قُلْ مَن رَّبُّ السَّمَاوَاتِ السَّبْعِ وَرَبُّ الْعَرْشِ الْعَظِيمِ (86)

پێیان بڵێ: ئەی کێ پەروەردگاری حەوت ئاسمانەکەیەو کێ پەروەردگاری عەرش و تەختی فەرمانڕەوایی گەورەو فراوانە؟

سَيَقُولُونَ لِلَّهِ قُلْ أَفَلَا تَتَّقُونَ (87)

سەرئەنجام دەڵێن: هەر خوا پەروەردگاریانە، ئەوجا بڵێ: باشەئاخر ئێوەلێی ناترسن؟ خۆتان ناپارێزن لەخەشم و قینی؟ (ئاخر ئێوەلەکێ یاخی دەبن؟).

قُلْ مَن بِيَدِهِ مَلَكُوتُ كُلِّ شَيْءٍ وَهُوَ يُجِيرُ وَلَا يُجَارُ عَلَيْهِ إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ (88)

(هەروەها پێیان) بڵێ: کێ جڵەوی هەموو شتێکی بەدەستە، لەکاتێکدا هەر ئەو پەنا بەخشە، وەکەس ناتوانێت لەسزای ئەو، کەس ڕزگار بکات، ئەگەر ئێوەبزانن و شارەزابن.

سَيَقُولُونَ لِلَّهِ قُلْ فَأَنَّى تُسْحَرُونَ (89)

(سەرئەنجام بۆ ئەمەش) دەڵێن: هەموو ئەوانەبەدەست خوایە، تۆش بڵێ: کەواتەبۆچی دەڵێی، جادووتان لێکراوە؟

بَلْ أَتَيْنَاهُم بِالْحَقِّ وَإِنَّهُمْ لَكَاذِبُونَ (90)

(بەقسەی پووچی خوانەناسان نیە) بەڵکو ئێمەحەقیقەت و ڕاستیمان پێ ڕاگەیاندووون (نەفامان) هەر درۆ دەکەن.

مَا اتَّخَذَ اللَّهُ مِن وَلَدٍ وَمَا كَانَ مَعَهُ مِنْ إِلَهٍ إِذًا لَّذَهَبَ كُلُّ إِلَهٍ بِمَا خَلَقَ وَلَعَلَا بَعْضُهُمْ عَلَى بَعْضٍ سُبْحَانَ اللَّهِ عَمَّا يَصِفُونَ (91)

هەرگیز خوا کەسی نەکردووەبەکوڕی خۆی، وەهیچ خوایەکی نەکردووەبەشەریك و هاوەڵی خۆی، ئەگەر وا بوایە، هەر خوایەك دەچوو بەلای دروستکراوانی خۆیەوە، وەهەندێکی تردا، پاکیی و بێگەردیی بۆ زاتی خوایەلەبەرانبەر ئەو شتانەوەکە(خوانەناسان) هەڵی دەبەستن و دەیڵێن.

عَالِمِ الْغَيْبِ وَالشَّهَادَةِ فَتَعَالَى عَمَّا يُشْرِكُونَ (92)

(ئەو زاتە) زانای نهێنی و شاراوەکانە، هەروەها زانای دیارو ئاشکراکانە، بەرزی و بڵندیی بۆ ئەوەلەبەرانبەر ئەو شتانەوەکە(نەفامان) دەیکەنەشەریك و هاوەڵی.

قُل رَّبِّ إِمَّا تُرِيَنِّي مَا يُوعَدُونَ (93)

بڵێ: پەروەردگارا: ئەگەر ئەوەت نیشاندام کەتوێی هەڕەشەکانت دا پێت ڕاگەیاندووون.

رَبِّ فَلَا تَجْعَلْنِي فِي الْقَوْمِ الظَّالِمِينَ (94)

(ئەوکاتە) پەروەردگارا مەمخەرەڕیزی قەومی ستەمکارەوە.

وَإِنَّا عَلَى أَن نُّرِيَكَ مَا نَعِدُهُمْ لَقَادِرُونَ (95)

بێگومان ئێمەدەسەڵاتمان هەیە، ئەو هەڕەشانەی لێمان کردوون پێشی بێنین و نیشانت بدەین.

ادْفَعْ بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ السَّيِّئَةَ نَحْنُ أَعْلَمُ بِمَا يَصِفُونَ (96)

(هەوڵ بدە) بەچاکترین و جوانترین شێوەپاڵ بەهەڵەو نارێکی (ناحەزانەوە) بنێ و (خەمت نەبێت) ئێمەچاک ئاگادارین لەگوفتارو قسەی (ناڕەوایان).

وَقُل رَّبِّ أَعُوذُ بِكَ مِنْ هَمَزَاتِ الشَّيَاطِينِ (97)

(خۆت بسپێرەبەخواو) بڵێ: پەروەردگارا من پەنا دەگرم بەتۆ لەخەتەرەو خەیاڵ و وەسوەسەی شەیتانەکان.

وَأَعُوذُ بِكَ رَبِّ أَن يَحْضُرُونِ (98)

وەپەنا دەگرم بەتۆ ئەی پەروەردگارم کە(شەیتانەکان) بەدەورم دا کۆببنەوەو (سەرم لێ بشێوێنن).

حَتَّى إِذَا جَاء أَحَدَهُمُ الْمَوْتُ قَالَ رَبِّ ارْجِعُونِ (99)

(خوانەناسان بەردەوام لەسەر ڕێبازی چەوتیانن) هەتا ئەو کاتەی مردن یەخەی یەکەیەکەیان دەگرێت ئەوسا (هەر یەکەیان بۆ خۆی) دەڵێت: پەروەردگارا بمگێڕەرەوە(بۆ دنیا).

لَعَلِّي أَعْمَلُ صَالِحًا فِيمَا تَرَكْتُ كَلَّا إِنَّهَا كَلِمَةٌ هُوَ قَائِلُهَا وَمِن وَرَائِهِم بَرْزَخٌ إِلَى يَوْمِ يُبْعَثُونَ (100)

بەڵکو چاکەئەنجام بدەم و کاری باشەبکەم و ئەو هەلانەی کەلەکیسم چووەلەمەودوا لەدەستی نەدەم، (بەڵام تازەکار لەکار ترازاوە، شتی وا مەحاڵە، بۆیەبەتوندی پێی دەوترێ) نەخێر ئەوەقسەیەکەو ئەو بۆ خۆی دەیڵێت دەبێت چاوەڕێ بێت) لەجیهانی بەرزەخ، لەنێوان مردن و زیندووبوونەوەدا (تا کاتی دیاری کراو).

فَإِذَا نُفِخَ فِي الصُّورِ فَلَا أَنسَابَ بَيْنَهُمْ يَوْمَئِذٍ وَلَا يَتَسَاءلُونَ (101)

کاتێ کەفوو کرا بە(صور)دا ئیتر هیچ پەیوەندیەکی خزمایەتی لەنێوانیاندا نامێنێت، وەپرسیاریشیان (لەو بارەیەوە) لێ ناکرێت.

فَمَن ثَقُلَتْ مَوَازِينُهُ فَأُوْلَئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ (102)

ئەوەی تەرازووی چاکەی سەنگینە، ئا ەوانەسەرفەرازو سەرکەوتوون.

وَمَنْ خَفَّتْ مَوَازِينُهُ فَأُوْلَئِكَ الَّذِينَ خَسِرُوا أَنفُسَهُمْ فِي جَهَنَّمَ خَالِدُونَ (103)

بەڵام ئەوەی تەرازووی چاکەی سووک بێ، ئەوانەو ئەو کەسانەن کەخۆیان لەکیش چووەو خۆیان خەسارو ڕیسوا کردووە، دەبێت هەر لەناو دۆزەخ دا ژیانی نەبڕاوەببەنەسەر.

تَلْفَحُ وُجُوهَهُمُ النَّارُ وَهُمْ فِيهَا كَالِحُونَ (104)

بڵێسەی ئاگر چڕوچاویان دەبرژێنێت، هەموویان لێویان هەڵقرچاوو دانیان ڕیچ دەبێتەوە(دیمەنیان سامناکە).

أَلَمْ تَكُنْ آيَاتِي تُتْلَى عَلَيْكُمْ فَكُنتُم بِهَا تُكَذِّبُونَ (105)

(ئەوسا خوا پرسیاریان لێ دەکات) ئایا کاتی خۆی ئایەتەکانی من بەسەرتاندا نەدەخوێنرایەوە، کەچی ئێوەبڕواتان پێی نەبوو، بەدرۆتان دەزانی؟

قَالُوا رَبَّنَا غَلَبَتْ عَلَيْنَا شِقْوَتُنَا وَكُنَّا قَوْمًا ضَالِّينَ (106)

(سەرئەنجام بەکەساسیەوە) دەڵێن: پەروەردگارا نەگبەتی و نەهامەتیی سەرشانی گرتووین و ئێمەکەسانێکی گومڕابوین.

رَبَّنَا أَخْرِجْنَا مِنْهَا فَإِنْ عُدْنَا فَإِنَّا ظَالِمُونَ (107)

پەروەردگارا لەناو ئاگری دۆزەخ و سزایدا دەرمانبهێنەئەگەر جارێکی
تر گەڕاینەوە(بۆ گومڕایی) ئەوەئیتر دیارەکەئێمەکەسانێکی ستەمکارین
و (شایستەی هەموو سزایەکین).

قَالَ اخْسَؤُوا فِيهَا وَلَا تُكَلِّمُونِ (108)

(خوای گەورەلەوەڵامیاندا بەتووڕەییەوە) دەفەرمویت: بێدەنگ، لاڵ بن
هەر قسەم بۆ مەکەن.

إِنَّهُ كَانَ فَرِيقٌ مِّنْ عِبَادِي يَقُولُونَ رَبَّنَا آمَنَّا فَاغْفِرْ لَنَا وَارْحَمْنَا وَأَنتَ خَيْرُ
الرَّاحِمِينَ (109)

(بیرتان دێ) کاتێ کەدەستەیەك لەبەندەئیماندارەکانم دەیانوت:
پەروەردگارا ئێمەئیمان و باوەڕی دامەزراومان بەزاتی تۆ هێناوە،
دەلێمان خۆش ببەو ڕەحممان پێ بکەچونکەتۆ چاکترین زاتێکی
کەلەهەموو خاوەن ڕەحم و سۆزەکان میهرەبان تریت.

فَاتَّخَذْتُمُوهُمْ سِخْرِيًّا حَتَّى أَنسَوْكُمْ ذِكْرِي وَكُنتُم مِّنْهُمْ تَضْحَكُونَ (110)

کەچی ئێوەگاڵتەتان پێ دەکردن، هەتا گەیشتەڕادەیەك کەیادی منیان
لەبیربردەنەوە، وەئێوە بەردەوام بەوان پێدەکەنین.

إِنِّي جَزَيْتُهُمُ الْيَوْمَ بِمَا صَبَرُوا أَنَّهُمْ هُمُ الْفَائِزُونَ (111)

(جا بابزانین کە) ئەمڕۆ من پاداشتم داونەتەوەبەهۆی خۆگرییانەوە، هەر
ئەوانیش سەرکەوتوو سەرفەرازن.

قَالَ كَمْ لَبِثْتُمْ فِي الْأَرْضِ عَدَدَ سِنِينَ (112)

(ئەوسا خوای گەورە) لێیان دەپرسێت: ئەوەچەند ساڵ لەزەویدا ژیانتان
بردەسەر.

قَالُوا لَبِثْنَا يَوْمًا أَوْ بَعْضَ يَوْمٍ فَاسْأَلْ الْعَادِّينَ (113)

(دۆزەخییان) دەڵێن: ڕۆژێك یا کەمتر لەڕۆژێک (دیارەکەژیانی دنیا لەچاو ژیانی نەبڕاوەو هەمیشەیدا زۆر کورت و کەم دێتەبەرچاو، یاخود جیهانی بەرزەخ وەکو ڕۆژێك یا کەمتر هەستی پێدەکرێت)، لەو کەسانەبپرسن کەبیرو هۆشیان لای خۆیانەو حسابی ژمارەو کات دەکەن.

قَالَ إِن لَّبِثْتُمْ إِلَّا قَلِيلًا لَّوْ أَنَّكُمْ كُنتُمْ تَعْلَمُونَ (114)

(خوای گەورەپێیان دەفەرموێت): لەڕاستیدا مانەوەتان لەدنیادا هەر زۆر کەم بووەئەگەر بتانزانیایەو (بیرتان لێ بکردایەتەوە).

أَفَحَسِبْتُمْ أَنَّمَا خَلَقْنَاكُمْ عَبَثًا وَأَنَّكُمْ إِلَيْنَا لَا تُرْجَعُونَ (115)

ئایا گومانتان وایەکەئێمەئێوەمان بەهەوانتەو بێ هودەدروست کردووە، وەئێوەبۆ لای ئێمەناگەڕێنەوە؟!

فَتَعَالَى اللَّهُ الْمَلِكُ الْحَقُّ لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ رَبُّ الْعَرْشِ الْكَرِيمِ (116)

بەرزی و بڵندی بۆ خوا، پاشای ڕەوای حەق، هیچ خوایەك نیەجگەلەو زاتە، ئەو پەروەردگاری عەرش و تەختی بەرزو بڵندو شکۆدارو بەڕێزە.

وَمَن يَدْعُ مَعَ اللَّهِ إِلَهًا آخَرَ لَا بُرْهَانَ لَهُ بِهِ فَإِنَّمَا حِسَابُهُ عِندَ رَبِّهِ إِنَّهُ لَا يُفْلِحُ الْكَافِرُونَ (117)

ئەو کەسەی خوایەکی تر بڕیار بدات و بیکاتەشەریکی خوا، لەکاتێکدا کەهیچ بەڵگەیەکی بەدەستەوەنیە، ئەوەحساب و لێپرسینەوەی لای پەروەردگارێتی، بێگومانکافرو خوانەناسان سەرفەراز نابن.

وَقُل رَّبِّ اغْفِرْ وَارْحَمْ وَأَنتَ خَيْرُ الرَّاحِمِينَ (118)

(ئەی محمد صلی اللهعلیەوسلم، ئەی ئیماندار! تۆ) بڵێ: پەروەردگارا: لەگوناهو هەڵەکانم خۆش ببەو ڕەحمم پێ بکەچونکەتۆ چاکترینی میهرەبانانیت.